

فێرکاریی هاوچەرخ

وانەی «زمانی کوردی»

خوێندنی زمانی کوردی بۆ ڕاهێزانی ناسنامەی کەسەکی و فەرهەنگیی خوێندکارە. گەشە دانە بە توانای بیرکردنەوە، ئافراندن، شیکاری و هەڵوێست وەرگرتن. هەروەها بۆ پێشکەوتنی خوێندکارە لە خوێندندا و پتەو کردنی توانای دانوستاندنیتی لەگەڵ خەڵکدا.

گەر بێتە سەر ناسنامەی کەسەکی و هەستی هاوکۆیی ئەوا زمان سەنگی تایبەتی هەیە. ویکچوون و جیاوازیی مرۆڤ - وەک کەسایەتی، پاشخان، زایەند و خولیا - لە زماندا ڕەنگ دەدەنەوە. خوێندنی زمانی کوردی بۆ ئەوەیە خوێندکار بە گوتن و نووسین فێری دەربڕینی جوان و دروست بێت و هەروەهاش فێر بێت زمانی ئاخافتن و نووسینی خەڵکی دیکە تێ بگات.

زمان و ئەدەب بوارێکن بۆ دەربڕینی ناسنامەی فەرهەنگی. ئاشنابوون بە زمان، ئەدەب و وێنەکاری ڕێ ڕووەو ڕسکان و فراژووتنی کەسەکی هەموار دەکات. خوێندنی زمانی کوردی هەوڵ دەدات دەرفەت بۆ خوێندکار خۆش بکات بەرانبەر میراتی فەرهەنگیمان هەڵوێست وەربگرێت.

لە سویدییەوە، بۆ فێرکاریی کوردستان، کراوە بە کوردی

www.komak.nu

# لە ئاهەنگەکانی بووك گواستنەوە لە شاری هەولێر وێنەگرەکان لە مەترسیدان

ئا: زۆزك زاهیر ـ هەولێر

دیارە لە زۆربەی ئاهەنگەکانی بووك گواستنەوە بووك‌و زاوا پێویستیان بە تۆمار کردنی دیمەنەکانی ئەو ڕۆژە گرنگە پڕ خۆشییە هەیە بۆ هەردووکیان ئەمەش مافێکی ڕەوای خۆیانە، بەڵام ئەوەی ئاسایی نیە وێنەگرتنی دیمەنەکانی کەژاوەی ئۆتۆمبێلی بووك‌و زاوایە لەکاتی ڕۆیشتنی بەنێو شەقامەکانی شاردا، ئەمەش زۆر جار بۆتە هۆی لێکەوتنەوەی کارەساتی جەرگبڕ‌و بە ناخۆشی بۆ خانەوادەکەیان کۆتایی پێی هاتووە. ئەمە جگە لەوەی ژیانی وێنەگرەکانیش لە مەترسیدایە، لەگەڵ ئەوەشدا وێنەگرەکان پێیان وایە ئەم دیمەنانە هیچ جوانییەك نابەخشێ جگە لەوەی دەبێتە هۆی توند لێخوڕین‌و پێکدادانی ئۆتۆمبێلەکان لەپێش کامێراوە، بۆیە پێیان وایە پێویستە سەندیکا لەم بارەیەوە مشورێکیان بۆ بخوات. لەبەرامبەریشدا سەرۆکی وێنەگران دەڵێت: "بەنیازین وێنەگرتن لەسەر پیکاب‌و هاتنە دەرەوە لە جامی سەیارە لەکاتی بووك گواستنەوەکان قەدەغە بکەین".

وێنەگر عەزیز ڕەحمان ناسراو بە عەزیز تەنیا خێزاندارە‌و خاوەنی حەوت منداڵە یەکێکە لەو کەسانەی لە سەر پشتی سەیارە لەکاتی وێنەگرتنی ئاهەنگەکانی بووك گواستنەوە بەربۆتەوە نزیکەی ساڵێکە چاوێکی لە دەستداوە‌و تووشی شەلەل بووە، عەزیز دەست‌و قاچێکی لەدەست داوە‌و ڕوخساری دەرەوەی تێکچووە، عەزیز ڕەحمان دەڵێت: "وێنەگرتن لە سەر ئۆتۆمبێل لەکاتی ڕۆیشتن هیچ جوانییەکی نیە، هیچ مانایەك ناگەیەنێ چونکە دەبێتە هۆی پێکدادان‌و توند لێخورینی ئۆتۆمبێلەکانی‌تر بە هۆی وینەگرەکەوە".

عەزیز پێی وایە: "شتێکی زۆر باشە ئەم دیاردەیە قەدەغە بکرێت، چونکە کارێکی پڕ مەترسییە". تەنیا وتی: "هەر جارێکی سواری سەیارە بووم بۆ وینە گرتن چاوەڕوانی ڕۆژێك بووم کەوا تووشی کارەسات بم ئەو کارەساتەی تووشم بوو هەرگیز لەیاد ناکەم".

**"هەرکاتێك سواری سەیارە بووم بۆ وێنە گرتن چاوەڕوانی ڕۆژێك بووم کەوا تووشی کارەسات بم ئەو کارەساتەی تووشم بوو هەرگیز لەیاد ناکەم" وێنەگرێك**

بۆیە دەرکردنی بڕیارێك بۆ وینەگرەکان قسەکانیدا وتی: " وێنەگرەکان هیچ زەمانەتێکیان نیە بۆیە پێویستە سەندیکا چاوێك بە وێنەگرەکاندا بخشینێتەوە تاکو چیتر وێنەگر تووشی مەترسی نەبێت ".

فرمان محەمەد ناسراوە بە فرمان کۆیی وەکو خۆی دەڵێ هەشت ساڵە کاری وێنەگری دەکات فەرمان کراسێکی نارنجی و پانتۆڵێکی ڕەشی لەبەردابوو لە دوکانەکەی خۆیدا دانیشتبوو فەرمان دەڵێت: "کاری وێنەگرتن بە تایبەت لەسەر پشتی سەیارە زۆر مەترسیدارە زۆر جار تووشی کێشە بووینە، ئێمە بۆ خۆشی ماڵی زاوا چوینە کەچی بۆتە ناخۆشی". ئەو دەڵێت: "زۆر جار ناتوانین لەهەندێ جێگە وێنە بگرین سانسۆری لەسەرە کەچی ماڵی زاوا داوادەکەن وێنەی بگرین، تا ئێستا دوو جار تووشی حادیسە بووم، بەتایبەت لە سەرقەدەغەکردنی شوێنەکان، وەك دەزگا حکومییەکان‌و پەرلەمان". لەکۆتایدا فەرمان پێی وابوو: " سەندیکا هیچ ڕۆڵێکی نیە هەرچەندە کۆبوونەوەی پێ کردووین‌و گفتی زۆر شتی پێ داوین".

سیروان کۆیی کاری وێنەگری دەکات لە نوسینگەی گەرمیان، سیروان گەنجێکی تەمەن (٢٤) ساڵانە‌و جارێك لەکاتی وێنەگرتن لە ڕێگەی کەسنەزان لە ئۆتۆمبێل بەربۆتە خوارەوە. سیروان دەڵێت: "من ئیدانەی ئەم کارەدەکەم، چونکە دەبێتە هۆی زۆر ڕووداو‌و مەترسی گەورە". ئەو پێی وایە زۆر ڕووداو ڕوودەدات، چونکە زۆر جار دەبێتە هۆی پێشبڕکی لەنێوان شوفێرەکان بۆ ئەوەی زیاتر لە پێش کامێرا دەرچن ئەمەش دواتر پێکدادانی ئۆتومبێلەکانی لێ دەکەوێتەوە لەدرێژەی قسەکانیدا ئاماژەی بەوە کرد: "پڕمەترسیترین کارە چونکە زۆر ڕووداوی گەورە‌و دڵتەزین ڕوویداوە، داوامان لە کۆمەڵەی وێنەگران کردووە کە ئەم حاڵەتە قەدەغە بکرێت، بەڵام وەڵامیان بەس باشە بووە".

وێنەگر دڵشاد خۆشناو لە نوسینگەی مەشخەڵ دانیشتبوو، دڵشاد قەمیسێکی سپی‌و پانتۆڵێکی ڕەشی لەبەربوو خەریکی کاری دۆبلاژ کردنی ئاهەنگێك بوو دڵشاد جگەرەیەکی بە دەستەوە وەبوو جارجار قومێکی لێ دەدا وتی: " پێکدادانی ئۆتۆمبیل‌و گرفتی کۆمەڵایەتی‌و قەرەباڵغی شەقامەکان زۆر جار بەهۆی ئەو ئۆتۆمبێلانەوە بووە لەکاتی دوو بوکێ بووە". فارس سەعدی سەرۆکی کۆمەڵەی وینەگرانی کوردستان دەستەی باڵا لە بارەی وێنەگرتن لە ئاهەنگەکانی بووك گواستنەوە لەسەر ئۆتۆمبێل لەکاتی ڕۆیشتن لە شەقامەکان وتی: "بڕیارە کۆبوونەوەیەك بکرێ لەگەڵ سەرجەم وێنەگرەکان تاکو وینەگرتن لە پشت سەیارەکان قەدەغە بکرێت‌و هەر وێنەگرێك سەرپێچی بکات سزا بدرێت و دەبی تەعاهود بدەن".

هەروەها وتی: "چەند پلانێکمان هەیە بۆ هەفتەیەکدا ڕۆژی شەممەمان تەرخان کردووە بۆ بەستنی سیمینار و وۆرکشۆپ و گفتوگۆ کردن لەسەرلایەنی هونەری تەکنیکی لەو بوارەدا بەمەبەستی بەرزکردنەوەی ئاستی ڕۆشنبیری و هونەری و پیشەی ئەو وینەگرانەی لەم بوارەدا کاردەکەن". سەرۆکی کۆمەڵەی وێنەگران دەڵێت: "یەکێك لەم خاڵانە کەجێ بایەخمانە ئەوەیە کە لەسەر پیکاب یان هاتنەدەر لە پەنجەرەی سەیارەوە کارێکی ناشایستەیە چونکە ئاشکرایە کاری وێنەگری پیشەیەکی زۆر پیرۆزە‌و لە وڵاتانی جیهاندا بە چاوێکی بەرز تەماشا دەکرێت‌و ڕێزیان لێ دەنرێت لە بەر ئەوەی ئێمەش پەیڕەو پرۆگرامی تایبەت بە خۆمان هەیە، بەپێی یاسای کۆمەڵەکان لە وەزارەتی ناوخۆ مۆڵەت دەدرێ بۆ بڕیارەکانی گشت کۆمەڵەکان نەك تەنها کۆمەڵەی ئێمە، لە پرۆژەماندا هەیە پرۆژەیەکی یاسایی سەندیکای وینەگرانی کوردستان ئامادەکەین و ڕای وێنەگرە پرۆفیشناڵەکان لە گشت پارێزگاکانی هەرێمی کوردستانی لە سەر وەرگرین، پاشان لە ڕووی یاساییەوە تەتەڵەی دەکەین ئینجا بەرێگای کۆمەڵە بەرزی دەکەینەوە بۆ پەرلەمانی هەرێمی کوردستان بۆ بڕیاردانی، ئەو کاتە خزمەتی وێنەگران هەژمار دەکرێت بۆ مەبەستی دامەزراندن لە دەزگاکانی حکومەت، هەروەها کردنەوەی سندوقی خانەنشینیش، تا وێنەگرەکان سوودی لێ وەربگرن‌و خانەنشین کردنی ئەوانەی خزمەتیان لە بیست ساڵ تێپەریوە، وەك سەندیکاکانی‌تر. سەرەڕای ئەوەی ئەم سەندیکایە خۆی مۆڵەتی پیشەیی دەداتە سەرجەم وینەگران (فۆتۆ ـ ڤیدیۆ) لەگەڵ یارمەتیدانی ئەندامانی سەندیکا لە کاتی نەخۆشی و پەککەوتنیان، هەروەها سوود وەرگرتن لە وەرگرتنی زەوی یان شوقە، وەك ڕێکخراوەکانی‌تر".

لەکۆتایشدا فارس دەڵێت: "بە پێویستی دەزانم کە وێنەگران لایەنی ئەخلاقی ڕەچاو بکەن‌و لەهەموو جێگایەك وێنە نەگرن".



زۆرجار کەژاوەی بوك و زاواکان، لەبری خۆشی گرفت بۆ هاتووچۆ و هاوڵاتیان دروست دەکات ـ هاوڵاتی